## ئەفسەرێکی ئاسایش لەسەر پێشێلکردنی یاسا دەستگیر دەکرێ

رۆژی ٢٠٠٨/٥/١٨ ئەفسەرێک کە لە بەڕێوەبەرێتی ئاسایش پیرمام دەوام دەکات و ناوی (ح.ع)ە، لەشەقامێکی شاری رانیە دەسوڕێتەوەو یاسای هاتوچۆ پێشێل دەکات، بەوهۆیەوە لەلایەن مەفرەزەی پۆلیسی هاتوچۆوە رادەگیرێ و داوای مۆڵەتی شۆفێری لێدەکرێ، بەڵام ئەو هەرەشە لە پۆلیسی هاتوچۆ دەکات و خۆی دەناسێنێ و دەڵێت: 'ن ئەفسەری ئاسایشم بۆتان نییە رامبگرن' بەوهۆیەوە مشتومڕ لەنێوانیاندا دروست دەبێ، دواتر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێ و رادەستی دادگە دەکرێ

## رانیە: دروستکردنی بارەگایێکی حزبی نارەزایی لێدەکەوێتەوە

دوای ئەوەی کە لایەنێکی سیاسی کوردستان ویستویەتی لە گەڕەکی ئەندازیارانی شاری رانیە لە سەر پارچە زەوییێک کە لە حکومەتی هەرێم وەریگرتووە بارەگا دروست بکات، نارەزایی لێ پەیدابووەو دانیشتووانی گەڕەکەکە یاداشتنامەیەکیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرزکردۆتەوەو خواستوویانە کە لەنێو گەڕەکەکەدا بارەگای حزبی دروست نەکرێ.

بەگوێرەی زانیاری لایەنێکی سیاسی کوردستان شەش سەد مەتر دووجا زەوی لە گەڕەکی ئاندازیارانی شاری رانیە لە حکومەت وەرگرتووە تا بارەگای خۆی لەسەر دروست بکات، بەڵام دانیشتووانی گەڕەکەکە ئەمە بە سەرئێشە دەزانن و دەخوازن کە ئەو لایەنە لە شوێنێکی دیکە بارەگا دروست بکات.

بەگوێرەی ئەو زانیارەیەی دەست هەفتەنامەی رۆژی گەل کەوتووە، تا ئێستا ٤٦ خێزانی دانیشتووی گەڕەکەکە ئیمزایان کۆکردۆتەوەو سەردانی قایمقام و شارەوانی و دادگەیان کردووە تا ئەو بارەگایە لەنێو ئەم گەڕەکەدا دروست نەکرێ.

## چەند کەسێک بەتۆمەتی دزینی شوێنەوار دەستگیر دەکرێن

رۆژی ٢٠٠٨/٥/٢١ چەند کەسێکی دانیشتووی گوندەکانی بناری چیای کۆسرەت گۆڕێک هەڵدەدەنەوە، ئەم هەواڵەش بە لایەنی پەیوەندیدار دەگات، بەوهۆیەوە شوێنیان هەڵدەگرن و سێ کەس بە ناوەکانی (مە.عو) و (م.ع) و (ع.ع) دەستگیر دەکەن.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کەسانە چەند رۆژ پێشتر لەنێو دارستانی شاری رانیەشدا شوێنی بەردێکیان هەڵکۆڵی بوو، کاتێک پۆلیس ماڵەکانیان دەپشکنێ، شەش نەخشەی دەست نوسی تایبەت بە شوێنەوار لە ماڵی یەکێک لە دەستگیرکراوەکاندا دەدۆزنەوە، بەوهۆیەوە گومانیان لێدەکرێ کە بەدوای شوێنەواری دێرینەدا بگەڕێن و بیانەوێ بازرگانی پێوە بکەن.

## رانیە: نەداری کێشە بۆ کەمئەندامان دروست دەکات

نەداری و دەستکورتی کێشەیەکی ترسناکەو بەردەوام لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەژی، بەوهۆیەشەوە رۆژانە چەندین خێزان دووچاری گرفت و دەردەسەری دەبنەوە. هەژارو نەدارانی کوردستان هیواخوازبوون کە حکومەتی هەرێم ئاورێکیان لێبداتەوە، بەڵام بەداخەوە خەمساردی بەرپرسان وای کردووە کە نەداری و دەستکورتی رۆژ دوای رۆژ گەورەتر ببێتەوەو خێزانەکان دووچاری دەردەسەری بکاتەوە. لە پێوەند بە دەستکورتیدا کەسێکی کەمئەندامی تەمەن ٣٧ساڵ بەناوی (ق.ن) کە لە خانوێکی کرێ لە گەڕەکێکی شاری رانیە دەژی و توانای کارکردنی نیەو موچەیەکی ئەوتۆی نیە تا بژێوی خێزانەکەی بۆ دابین بکات، لەبەرنەداری کێشەی خێزانی بۆ هاتۆتەپێش بەناچاری لەگەڵ هاوسەرەکەی لەیەکتر جیابوونەتەوە.لەوانەیە ئەمە کێشەیەکی بچووک بێ، بەڵام کێ لە هەڵوەشانەوەی ئەو خێزانانە بەرپرسیارە کە لەبەر نەداری و دەستکورتی دووچاری دەبنەوە؟!

## رانیە: بە چەقۆ ژنێک بریندار دەکرێ

رۆژی ٢٠٠٨/٥/٢١ لە گوندی (بۆسکێن)ی سەر بەقەزای رانیە، ژنێکی تەمەن ٣٥ساڵ بەناوی (ژ.م.ع)لەلایەن مێردەکەیەوە کەناوی (د.ع.ع)ە بەچەقۆ لێی دەدرێت و بەسەختی زامداری دەکرێ.

بەگوێرەی وتەی کەسێکی نزیک لە ڕووداوەکە، ئەم کێشەیە لەسەر دیارنەمانی برێک پارە پەیدابووە، دواتر دەمەقاڵێ و شەڕی لێ کەوتۆتەوە، پیاوەکە بە چەقۆ پەلاماری ژنەکەی داوەو برینداری کردووە، بەوهۆیەشەوە لەلایەن پۆلیسی رانیەوە دەستگیرکراوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان ژنە بریندارەکە سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمارکردووەو رایگەیاندووە کە ئەمە یەکەمین جار نیە کە لێی دەدرێ و زامدار دەکرێ، بەڵکو مێردەکەی زوو توورە دەبێ، هەرکە تووڕەش بێ،

## شکارتە: ژنێک سکاڵا لەسەر پیاوێک تۆمار دەکات

رۆژی ٢٠٠٨/٥/١٨لە کۆمەڵگەی (شکارتە)ی نزیک شاری رانیە پیاوێک بەناوی (س.ع) هێرشی کردۆتە سەر ژنێک بەناوی (ب.م) کە لەگەڵ کچەکەی دابووە، لەبەرچاوی خەڵک لێی داون و قسەی ناشرینی پێگوتون، بەڵام دەمودەست لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە.

## دیبەگە: چەند عەرەبێک نەقیبێکی کورد دەکوژن

رۆژی ٢٢-٥-٢٠٠٨ لە ئاقاری گوندی (تیکالۆ)ی سەر بەناحیەی دیبەگەی قەزای مەخمور، لەنزیک چێشتخانەی دیاربەکر، لە ئاکامی مشتومڕێک کە لەنێوان چەند عەرەبێکی مەڕدارو نەقیبێکی کورددا روویدا، عەرەبەکان تەقە دەکەن و نەقیبەکە دەکوژن.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست هەفتەنامەی **رۆژی گەل** کەوتوون، عەرەبە مەڕدارەکان لە گوێڕەوە بەرەو کەرکوک رۆیشتوون، لە نزیک چێشخانەی دیاربەکرد، ویستویانە مەڕەکانیان بەنێو زەوی ئەو نەقیبە کوردە تێپەڕبکەن، ئەویش ئەوکاتە کە لەماڵ دەبێ، پێ دەزانێ و بەپەلە رێگەیان پێدەگرێ و لێیاندەخوازێ کە بەنێو زەوی ئەودا تێپەڕ نەبن، بەوهۆیەوە مشتومڕ لەنێوانیاندا دروست دەبێ.

هەرچەندە کە عەرەبەکان هەوڵیان داوە کوردێک ناوبژیوانیان بۆ بکات و کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام ئاکام رێکناکەون و میلی چەکەکانیان لەیەکتر رادەکێشن، یەکێک لە عەرەبەکان تەقە دەکات و نەقیبە کوردەکە دەکوژێ.

سەرچاوەیەک کە لەنزیکەوە ئاگای لە رووداوەکە هەبووە، نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی گوت: زەوی نەقیبەکە داچێنراوە، هەرچەندە وشکەساڵیە، بەڵام نەیویستوە کە مێگەلە مەڕی عەرەبەکان بەناو زەویەکانی ئەودا تێپەڕ ببن، هەردوولاش قسە و جنێویان بەیەکتر گوتوە، ئاکام نەقیبەکە کوژراوە، بەڵام عەرەبەکان نەیانویستوە کێشەکە گەورەتر ببێ، بۆیە بەپەلە مەڕەکانیان جێهێشتووە، خۆیان و خێزانەکانیان دەرباز کردووە، ئێستا هەوڵدەدرێ بە سوڵحی عەشایری کێشەکە چارسەر بکرێ، چونکە عەرەبەکان ئامادەن خوێنی کابرای کوژراو بدەن.

## چەند کەسێک دەسووتێن

رۆژی ٢٠٠٨/٥/١٦ کچێکی تەمەن ١٨ساڵ بەناوی (ئا.س)دانیشتوی گوندی(نزار)ی سەر بەناحیەی (سیدەکان) لە رووداوێکدا دەسووتێ و دەمرێ، دوای تەرمەکەی رەوانەی نەخۆشخانەی هەولێر دەکرێ.

بە گوێرەی قسەی کەسێکی نزیک لە رووداوەکە، قوربانیەکە پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا هەبووە، بەڵام دایک و باوکی ئامادەنەبوونە پێی بدەن، ئەویش نائومێد بووەو لە داخانا کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە.

هەر رۆژی ١٦-٥-٢٠٠٨ لە ناحیەی (دیانە)ی سەر بەسۆران ژنێک بەناوی (د.و) بەهۆی ئەوەی کە پێشتر لەلایەن باوکیەوە سەرکۆنەکراوەو پێیگوتراوە کە نابێ تێکەڵاوی کەسانێک بکات، پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبات.

هەرچەندە قوربانیەکە مێردی هەبووەو ئەو کێشەیەشی لەلای مێردەکەی باس کردووە، وەک دەگوترێ مێردەکەی هەوڵی هێورکردنەوەی داوە، بەڵام ئەو خۆی دەسوتێنێ، بەهۆی زۆری رێژەی سووتانەکەی گیان لەدەست دەدات.

رۆژی ٢٢-٥-٢٠٠٨ لە گەڕەکی کرێکارانی شاری هەولێر کچێکی تەمەن ١٧ ساڵان بەناوی (د.م) دەسووتێ.

بەگوێرەی قسەی خزمانی ەو قوربانیە ویستویەتی جلوبەرگ بشوات، بەڵام پرێمز کڵپەی کردووەو ئاگر لەجەستەی بەربووە، بەڵام سەرچاوەکانی نەخۆشخانە گومان لە شێوەی سووتانەکەی دەکەن و پێیانوایە کە یان خۆی هەوڵی خۆ سووتاندنی داوە یان سووتێندراوە.

شەوی ٢٠٠٨/٥/٢٣ لە گەڕەکی (هەندرێن)ی سەر بەسۆران کچێکی تەمەن ١٩ساڵ بەناوی(ر.ن)کە فێرخوازی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بوو لە رقی ماڵەوەیان خۆی دەسوتێنێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان ماڵەوەیان ویستویانە لە خوێندن دەریبهێنن، لێیانخواستووە کە شوو بە کەسێکی خزمی خۆیان بکات، بەڵام ئەو رازی نابێ و خۆی دەسووتێنێ، هەرچەندە کەبەپەلە بۆ نەخۆشخانەی سۆران دەگوازرێتەوە، بەڵام لەبەر سەختی برینەکەی گیان لەدەست دەدات.

رۆژی ٢٤-٥-٢٠٠٨ لە سارۆچکەی خەبات، کچێکی تەمەن هەژدە ساڵان بەناوی (س.س) بەهۆی تەقینی پرێمز ئاگری تێبەردەبێ و دەسووتێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان کاتێک کە ئەو کچە خەریکی ئامادەکردنی خواردن بووە، پرێمز کڵپەی کردووەو تەقیوە، بەوهۆیەوە ئاگر لە جەستەی بەربووە، هەرچەندە هەوڵی خامۆشکردنەوەی دراوەو بە خێرایی رەوانەی نەخۆشخانە کراوە، بەڵام لەبەر زۆری رێژەی سووتانەکەی گیانی لەدەست داوە.

## کەرکوک: ماتۆڕیکی بۆمبڕێژکراو دەتەقێتەوە

دوێنێ شەممە ٢٤-٥-٢٠٠٨ لەبەردەم بانکێکی شاری کەرکوک دا ماتۆرسیکلێکی بۆمبڕێژکراو تەقیەوە و دانیشتووانی گەڕەکەکەی هەراسان کرد.

بەگوێرەی هەواڵەکان ئەو ماتۆرە لە بەردەم بانکێک لەگەڕەکی دۆمیز دا تەقیوەتەوە، بەڵام خۆشبەختانە هیچ زیانی گیانی بەدواوە نەبووە.

سەبارەت بە تەقینەوەی ئەم ماتۆرە هەندێک لە خەڵکی گەڕەکەکە پێیانوایە کە ماتۆڕەکە بۆمبڕێژ کراو نەبووە، بەڵکو بەهۆی کێماسی کارەباییەوە تەقیوەتەوە، بەوهۆیەشەوە زەرەرو زیانی لێنەکەوتۆتەوە، بەڵام سەرچاوەکانی پۆلیس ئەو بۆچوونە رەت دەکەنەوەو جەخت دەکەنەوە کە ماتۆڕسیکلەکە بە **تی ئێن تی** چێنراوبووە، بەر لەوادەی خۆی بەهۆی خەلەلی کارەباییەوە تەقیوەتەوە، ئەمەش وایکردووە کە هەمووی نەتەقێتەوەو زیانەکانی کەم بن. هەرچۆنێ بێ

## موسڵ: ئەمریکیەکان ٢ کەس دەکوژن

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە دوێنێ شەممە ٢٤-٥-٢٠٠٨ سەربازانی ئەمریکی لەنێو شاری موسڵدا دەسڕێژیان لە دەوروبەری خۆیان کردووەو دوو وڵاتی سڤیلیان کوشتوە.

بەگوێرەی هەواڵەکان دوێنێ، لەگەڕەکی نەبی یونسی شاری موسڵ کە دانیشتووانەکەی کوردن، بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی هێزەکانی ئەمریکا دەتەقێتەوەو زیانیان پێدەگەیەنێ، بەڵام سەربازەکان بێ ئەوەی دوژمنی خۆیان دیار بکەن، یەکسەر دەستڕێژی لە خەڵکانی دەوروبەری خۆیان دەکەن، لە ئاکامدا دوو وڵاتی سڤیل دەکوژن و منداڵێکیش بریندار دەکەن.

کوشتنی خەڵکی سڤیل لەلایەن سەربازانی ئەمریکاوە دانیشتووانی شارەکانی دووچاری نیگەرانی و بێزاری کردووە، ئێستا وڵاتیان و شۆفێرەکان ناوێرن لە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی سەربازانی ئەمریکا نزیک ببنەوە، چونکە ئاشکرا بووە کە سەربازەکان لە خۆڕاوە تەقە دەکەن و دەستڕێژی لە خەڵک دەکەن، ئەمەش وایکردووە کە ناحەزی و دوژمنایەتی زۆرتر بۆ هێزەکانی ئەمریکا پەیدا ببێ. بەتایبەتیش لەوەتەی کە هەواڵەکان ئاشکرایان کردووە کە سەربازێکی ئەمریکی لە عێراق قورئانی کردۆتە ئامانج و دەستڕێژی لێکردووە، ئیدی خەڵکی عێراق بە گومانەوە لە سەربازانی ئەمریکی دەڕوانن.

## سەرۆکی حکومەت داوای راگرتنی تۆپباران دەکات

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە وتارێکدا کە لە رۆژنامەی **وۆڵ ستریت ژورناڵ** دا بڵاویکردۆتەوە، داوای لە تورکیاو ئێران کردووە کە دەست لە بۆردومانکردنی گوندەکان هەڵبگرن.

بارزانی نووسیویەتی:' دەکرێ وڵاتانی دراوسێ، نوێنەرانی دیپلۆماسیی خۆیان ڕەوانەی ئێراق بکەن و بتوانن بە شێوەیەکی چالاک بەرگریی لە دزەکردنی پژاک و پەکەکە بۆ ناو خاکی وڵاتەکانیان بکەن'. هەروەها سەبارەت بە ئەزموونی باشوور، سەرۆکی حکومەت نووسیویەتی: 'لە ساڵی ٢٠٠٣وە نموونەیەکی دیموکراتیکمان دامەزراندووە و دەرگەی پێشکەوتنمان بەسەر ئێراقدا کردۆتەوە، ئێمە پێمان باشە حکومەتێک لە ئێراق دابمەزرێ کە نوێنەرایەتیی هەموو خەڵک بکات'

سەبارەت بە شەڕی دژە تیرۆر، بارزانی دەڵێ: ' بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەڵ تیرۆر، ئێمە بە کەڵکوەگرتن لە هێزەکانی پێشمەرگە، لێوەشاوەترین یەکەی سەربازیمان ڕێکخستووە، هەروەها پێبەندین بە عێراقێکی فیدراڵ و دێموکراتیک، کە لە تەنیشت دراوسێکانیدا بە ئاشتی و ئارامی بژی'

چاودێرابن پێیانوایە کە ئەم نووسینەی بارزانی، پێچەوانەی ئەو دیدارەی رۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەتە کە گوتبوی تورکیا سنووری نەبەزاندووەو لەنێو خاکی خۆی چالاکی ئەنجام دەدات.

## هەواڵی سەیر

**رۆژی** ٢٠٠٨/٥/١٨ لە گەرەکی ئازادی شاری کەرکوک پۆلیسێک دزی لە ماڵە دراوسێیەکیان دەکات.لەو بەروارەدا ماڵی (ک.س)لە ماڵ دەردەچن بەمەبەستی گەشت کردن،بەڵام هەر لەدوای دەرچوونیان لە نزیک شار بە بیریاندا دێت کە مۆبایلەکەیان لەبیر چووە لەماڵەوە بۆیە هەر ئەو کاتە دەگەرێنەوە بۆ ماڵەوە و دەبینن کە پەنجەرەیەکیان شکاوە و یەکێک لەژوورەوەیە. ژنی ناوبراو دەقیژێنێ و دوای ئەوە هەموویان پەلاماری دەدەن و دزێک لەماڵەوە دەگرن کە پۆلیسە و دراوسێ ی خۆیانە و دوای ئەوەی کە هەندێکی لێدەدەن تەسلیم بە پۆلیسخانەکەی خۆی دەکەن و بۆ رۆژی دوای سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەن.

**لە** بەرواری ٢٠٠٨/٥/١٩ لە گەرەکی بێکەس ی قەزای چەمچەماڵ هاوڵاتی (م.ل)بە فیشەکێک خۆی دەکوژێ، بەهۆی ئەوەی کە ناوبراو توشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە و دوای سەردانێکی زۆر بۆ لای دکتۆر لە چەند شارێک هەر چاک نابێتەوە و هەر چەندە زۆریش خراپ نەبووە بەڵام توشی نەخۆشی دەوونی کردبوو،بۆیە لەو بەروارەدا دەگات بەو بڕوایەی کە خۆ کوشتنی چاکترە لە مانەوەی خۆی دەکوژێ.

رۆژی سێ شەممە ٢٠٠٨/٥/٢٠ گەنجێک بەناوی (س.ها)لە شاری سلێمانی تەکسیەک بەکرێ دەگرێ بۆ ناوچەی بازیان کە دەگاتە تەکیەی دەربەند لەوێ بە شۆفێرەکە دەڵێت کە سویچی ئوتومبێلەکەی پێ بدات و بڕوات ئەگینا دەیکوژێ.شۆفێرەکەش لەگەڵی بەشەردێ لە ئەنجامدا (س.ها) فیشەکێک بە شۆفێرەکەوە دەنێ و برینداری دەکا و ئوتومبێلەکەی کە جۆری (سەنی)یە دەفرێنێت دواتر خەڵکی دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە و شۆفێرەکە دەگەیەننە نەخۆشخانە و هەر ئەوکاتەش هەواڵەکە بە ئاسایش دەدەن و مەفرەزەیەک دەنێرن بۆ بەدواداچوون کە دەگەنە ڕێگای گوندی (کانی عەرەبان) دەبینن ئوتومبێلەکە پەکی کەوتووە و بەجێ هێڵدراوە،رفێنەرەکەش دیار نییە.

**لە رۆژی** چوار شەممە بەرواری ٢٠٠٨/٥/٢١ لە ناحیەی شۆرش سەر بە قەزای چەمچەماڵ هاوڵاتی (س.م) کە ژنێکی گەنجە و خاوەنی ٣ منداڵە خۆی دەسوتێنێ و دەمرێت.شایەنی باسە دوای بەدواداچوونی ڕووداوەکە چەند دەنگۆیەک هەیە لەسەر هۆکاری خۆسوتاندنەکەی کە پەیوەندی بە باوکی ئەو ژنە و باوەژنەکەی و پیاوەکەیەوە هەیە هەرچەندە ڕوونیش نیە بەڵام پێدەچێت کاریگەری مامەڵەی خراپی مێردەکەی و پشت نەگرتنی لەلایەن باوکیەوە هۆکاری سەرەکی ڕووداوەکە بن.

**رۆژی** چوارشەممە ٢٠٠٨/٥/٢١ هەر دوو هاوڵاتی (کەمال محەمەد و ئارام محەمەد) کە دوو بران لەگەڵ هاوڵاتی (ش.س) بەشەر دێن لەسەر پارچە زەویەکی ٢٥٠مەتری کە کاتی خۆی خانوو بووە لە ناحیەی شۆرش گەرەکی سەنگاویەکان.(ش.س) کە ئێستا پیاوێکی دەوڵەمەنە و لە گەرەکی مەجید بەگی شاری سلێمانی دادەنیشێ ئەو خانووەی فرۆشتوە بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوە ئێستا داوای شوێنەکەی دەکات و دەڵێت ماڵی خۆمە بۆیە بەشەر هاتووە لەگەڵ ئەو دوو برایە.شایەنی باسە چەند ساڵێک پیش جێ بەجێ کردنی بریاری نەوت بەرامبەر خۆراک سەدان خانوو لەو جۆرە فرۆشراون و زەویەکانیان هەر بە بەتاڵی ماوەتەوە و ئێستا چەندین کێشە لەو شێوەیە لە نێوان کریار و فرۆشیارەکان دروست بووە.

**رۆژی** ٢٠٠٨/٥/١٧ وڵاتی (ف. س) نیوەرۆ خوانێکی بۆ فەرمانبەرەکانی فەرمانگەی باری کەسیەتی ناحیەی (قەرە حەسەن) سازکرد و لەو نیوەرۆخوانەدا کە لە باخەکانی ئەو دەڤەرە سازی کردبوو دەیان گاڵتە و گەپی ناشیرن روویدا و دواتر ناوبراو بەهاورێکانی خۆی وتوبوو کە بەو نیازەوە دەعوەتیانم کردوە کە چارەسەری کێشەی پێناسە و مامەڵەی (١٠ملیۆن)ەکەم بۆ بکەن و بەڵێنیشیان پێداوم کە تەواو هاوکارم بن لەو کارەدا چونکە لە راستیدا خۆم شمولم ناکات.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com